سبحان الله، ئیماندار هەرگیز پیس نابێت

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی گەیشت لە ڕێگایەکی شاری مەدینەدا ولەکاتێکدا ئەبو هوڕەیڕە تووشی لەشگرانی ببو، ئەبو هوڕەیڕە خۆی لە سەروەرمان شاردەوە، وچوو خۆی شۆرد، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری سەبارەتی کرد، کاتێك هات؛ فەرمووی: «لە کوێ بوویت ئەی ئەبو هوڕەیڕە؟»، ئەویش ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، لەشم گران بوو وحەزم نەکرد لە خزمەتتدا دابنیشم هەتاوەکو خۆم دەشۆم، پاشان پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «سبحان الله، ئیماندار هەرگیز پیس نابێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چاوی بە ئەبی هوڕەیڕە کەوت -ڕەزای خوای لێبێت- لە ڕێگایەکی شاری مەدینەدا، لەکاتێکدا ئەبو هوڕەیڕە لەشگران بوو، وەکو بەگەورەدانێك بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-؛ ئەبو هوڕەیڕە حەزی نەکرد لەلای دابنیشێت وقسەی لەگەڵدا بکات چونکە لەسەر ئەو حاڵەتەیە وپێی وابوو لاشەی پیسە، بۆیە بە نهێنی چوو خۆی شۆرد وگەڕایەوە، پاشان هات ودانیشت لەلای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش پرسیای لێیکرد کە بۆ کوێ چوو؟ ئەبو هوڕەیڕەیش حاڵی خۆی بۆ باسکرد کە حەزی نەکردووە لەگەڵی دابنیشێت لەکاتێکدا لاشەی پیسە بەهۆی لەشگرانیەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەمەی بە لاوە سەیر بوو، وپێی فەرموو: ئیماندار لە هەموو حاڵەتێکدا پاکە وهەرگیز پیس نابێت؛ زیندوو یان مردوو بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3076